عێراق.. هەوڵشاندنەوەی گرێبەستی راهێنەر کاساس و یاریدەدەرەکانی



فدراسیۆنی تۆپی پێی عێراق هەوڵشاندنەوەی گرێبەستی خیسوس کاساس گارسیای ڕاهێنەری ئیسپانی و یاریدەدەرەکانی ڕاگەیاند.

ڵە ڕاگەیاندراوەکی فدراسیۆنی تۆپی پێی عێراقدا هاتووە، " فدراسیۆنی تۆپی پێی عێراق بەیاری خۆی بە هەوڵشاندنەوەی گرێبەستی ڕاهێنەری ئیسپانی خیسوس کاساس گارسیا و یاریدەدەرەکانی ڕادەگەیەنێت، بەهۆی پشێلکردنی جددی پابەندبوونیان بە گرێبەستەکەوە".

ئاماژەی بەوەشکرد، ئەم هەوشوێنە لەسەر بنەمای مادەی (14)ی پێڕەوی ناوخۆی فیفا سەبارەت بە دۆخ و گواستنەوەی یاریزانان گیراوەتەبەر، فیفاش بەفەرمی لەوە ئاگادارکراوەتەوە، بەشێوەیەک کە مافە یاساییەکانی فیدراسیۆن لەبەردەم لایەنە پێوەندیدارەکاندا بپارێزێت.